# شەبەق

(بۆ هاوڕێم سەربەست عومەر، کە لە 2000.10.27 لە لەندەن، بە نەخۆشییەکی کوشندە ماڵئاوایی لە ژیان کرد)



لەگەڵ نیگاری: ڕێبوار سەعید

دەتویست شەبەقی ئەم ڕۆژە تازەیە
پەلکەزێڕینە گەشەکانی ئەسر و
ئارەزووە کۆستکەوتووەکانی خەیاڵت،
بخەیتە ناو جێڵەپی دەستەکانت
ئەو لەپانەی دوێنێ
لایەکی سووتماکی کیمیا
لایەکی وێرانی ئەنفال
چەند قامکێکی هەڵوەریبوو و
تەنها لەتێکی بەشت بوو،
لە دوورەوە بێیت و
هەتاوەکو مۆشەنەی* مەرگ
لاشەی ڕۆحی لەت لەت نەکردوویت
شنەی دوابەشە کورتەکەی ژین
بە ئاسوودەیی بۆن بکەیت،
خۆزگەوان لە زەردەی ئارامیدا
خۆری تەنها ڕۆژێک ئاوا بکەیت

دەتویست شەبەقی ئەم ڕۆژە تازەیە
تینی فەلەک و بۆنی داوێنی چیاکان
پەیینی گەشاندنی تازەنەمامەکانت بێ
دەلاقەیەکی تر لەم بەهەشتە زیندانییە
کلاورۆژنەی خەونەکانت بێ و
باهۆزی گەرمەسێری جۆزەردانی زێدت
فرمێسکبزەی* لێوەکانت بێ
لە ئەرقاز و نشێوی شاخی ئەم ژینە
تاریک و شادی لێ نەدیوەت
بەرلەوەی نووتەکت بەسەردا بێ
لە چاوەگەشەکانی نیگا**
ڕۆناهیی بەرپێت و

بەژنوبالای هیوا**
عەسای دەستت و
هزرەتیژەکەی نەوا**
دەرەی* شاخ ببینیەوە
کێ دەیزانی
کە نووتەکی تەنیایی ڕێگای گرت
زەردە نایەتەوە
کە بۆنی ژەهراوی هەڵی کرد
بۆنێکی تر ناژێتەوە
کە گازی ئەجەل دەمی کردەوە
ئەمجارەیان تا
ڕیشەی ڕۆح نەبڕێ داناخرێتەوە و
لە ڕێگای ئەم بیابانە حەشامەتدارەدا
کاروانچییەک نادۆزرێتەوە
دەڵێن:
تا ئەو کاتەی دار ڕەگی مابێ
باڕێزانی هیچ ساڵێک تەمەنی نابڕێتەوە
دڵنیام تا ڕەگی ئەمەک لە داری گیانمان بجووڵێ
ڕەشکەرەوەی هیچ غوربەتییەک
مێژووی بوونت ناسڕێتەوە
بیرمە دەتگوت:
من گەڕیدەیەکی ژین تارومار و هەموو
ڕێچکە و ڕێگەکای پێشم زەندۆڵ* بوون
بۆ ئازاسەری کوێرەوەریی فرەزۆرم دی
تەنانەت زیندانەکانی بەعس و خوێنی
تەڕ و وشکی قاوشەخوێناوییەکانیشیم
بە چاوانی خۆم دی

بەڵام ئەفسووس*، پەیڤەکان هێشتا
بەربێژی گوتن و
نەمامەکان هێشتا

عەودالی پشکووتن و
گرەوەکان هێشتا
دارەدارەی ڕۆیینی ژیان بوون
پێڵی زەریای تاڵاوی مەرگ بەتەوژمێکی خێرا
هەموو هێڤییەکانی ئەم شەبەقەی داپۆشییت و
لە کەنارێکی چڕی خوێنگرتووی سوورا وەستا
دانە دانەی قامکەکانی تریشت بەربوونەوە و
لە ئاوزینگی* ئەم هەینییەدا گوتت:
هاوسەرم!
جگەرگۆشەکانم!
کەسەکانم!
هاوڕێکانم!
لە ئێوە و بەهار و سروشتی ڕەنگینی کورد ەواریم
بەحەسرەتەوە ماڵئاوا
ماڵئاوا!!
2002.10.27